


# کۆمەڵێک مینیماڵ


ڕەسووڵ یۆنان

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

(سلێمانی)


## پیاسەکردن لە ئاسمان

- ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان نییە بۆ گەڕانەوە!
- بۆچی؟
- مەگەر نابینی تەم هەموو جێیەکی گرتووەتەوە!
- بەڵام من دەگەڕێمەوە!

مرۆڤێکی لاسار و مەلابەزێن بوو. شاخەوانەکانی دیکەیش ڕێیان لێ نەگرت. کابرا کۆڵەپشتەکەی هەڵگرت و بەڕێ کەوت، کە چەند هەنگاوێک چووە پێشێ، بێ ئەوەی هەست بکات، پێی خستە ئاسمانەوە.

## بەرەو شەقامە ڕووناکەکان

قۆپچەی پاڵتۆکەی داخست. یەخەکەی هەڵدایەوە. کڵاوەکەی لەسەر سەری ڕێکوپێک کرد و هەینێ دەستەکانی خستە گیرفانییەوە و بە فیکە لێدانەوە کەوتەڕێ. حەزی دەکرد کە کۆڵانە تاریکەکەی تێپەڕاند تا بەیانی لەسەر شەقامە ڕووناکەکان بە خەیاڵی ئاسوودەوە پیاسە بکات. بڕیاری دابوو ئیدی هاوکاری خراپەکار و تاوانباران نەکات. دەنگی تفەنگێک لە دوایەوە هات، بەڵام ئەو ئاوڕی نەدایەوە. کەوت و مرد، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە.

## چاو بەرانبەر چاو

ئـەو ڕێوییـەی لـە چـواردەوری کێڵگـە پەلەوەرییەکە دەخولایەوە بۆ خۆشی نەهاتبوو. کابرای لادێییش بۆ خۆشی تەقـەی لـەو نەکرد. بـە داخـەوە هەمـوو شـتێک جـددی بـوو لـەو نیـوەڕۆ گەرمـەدا.

## خەو

کابـرا خـەوی بینـی لـە ئیسـپانیایە و لـە پشـت فرمانی (سووکانی) ئۆتۆمبیلێکی شیک و گرانەوەیە. لەوێوە کە نە شارەزای ئیسپانیا بوو و نە شۆفێری دەزانی، خەبـەری بـووەوە.

## کونجکۆڵ

هیـچ کەسـێک نەیدەزانـی سـەری لـە کـوێ ماوەتـەوە. کارەکـەی سەرکێشـانە ژیانـی ئەوانـی دی بـوو. کاتێـک مـرد، چواردەورەکـەی ناچـار بـوون بـێ سـەر بینێـژن. جگـە لـە کونجکۆڵەکـەی دیکـەی گـەڕەک، کەسـێک فرمێسـکی بۆ نەڕشت.

## سەرکەوتنی ناچاری

تارماییەکان هاتنە دووی. کابرا ترسا و هەڵیتیزاند. ئەسـڵەن تـێ نەگەیشت چۆن لـە ماڵ چووە دەرێ. چووە کۆڵانەکـەوە. پێچی کـردەوە سـەر شـەقامەکە. تێـی پەڕانـد. لـە پلیکانەگەلێـک سـەرکەوت. لـە پلیکانەگەلێک دابـەزی. بەسـەر سـەتڵی خۆڵـدا بـازی دا. لـە تەنیشـت سـینەماگەلێکەوە تێپـەڕی کـە تـا نها نەیبینیبـوون. لە ژێر پێیدا هەستی بە کشانە دواوەی پارکـەکان کـرد. وەک ئەلبـووم پەنجـەرە ڕووناکەکانـی کافێکـەی هەڵدایـەوە. بـە کورتـی گەیشـتە دەرککردنێکـی نـوێ لـە شـار. کـە چـووە کەنارەکـەوە، بەیـان ئەنگوتبـوو. ئیدی هەواڵێـک لـە تارمایی نەبوو. وەستا. هەناسـەیەکی نـوێ کـردەوە و هەینـێ لـە کاتێکـدا بزەیەکـی بـە لێـوەوە بـوو، خەریـک بـوو سپاسـی ئـەو تارماییانـەی دەکـرد کـە ئیـدی نەبـوون.

## کرێکاری ماندوو

خۆرائـاوا بـوو. کـە گەیشـتەوە ماڵـێ ڕاسـتەوخۆ بەرەو پێخەفەکـەی چوو و لـە سـەری ڕاکشـا. هـەر کە سـەری خسـتە سـەر پشـتییەکە، خـەوی لـێ کـەوت. زۆر مانـدوو بـوو. پـاش تاوێـک، بـە خـەو ئۆخـەی نەکـرد، مرد.

## سەرگەردانی

کابـرا بـە شـوێن ژنەکـەدا دەچـوو تـا بیگێڕێتـەوە. پەشـیمان و غەمگیـن بـوو لـەوەی شـەڕی لەگـەڵ کردبوو. بەفـر دووبـارە دەسـتی بـە باریـن کردبـووەوە و شـوێن پێی ژنەکەی داپۆشـی. کابرا سـەرگەردانبوو، لـە مەملەکەتـە بەفرینـەکان.

## ئەوانێک لە ڕابوردوو

چوونە سەر گۆڕی پاشا و خەبەریان کردەوە:
ئێمە پێویستمان بە تۆیە !
بەڵام من مردووم !
ئەوچاتر؛ چونکە مرۆڤێکی زۆر باشیش نەبووی!
ئیدی پاشا هیچی نەوت. سـواری ئەسپەکەیان کرد و هێنایـان بـۆ شـار، بـەڵام هیـچ کەسـێک پێشـوازی لـەم بابەتـە نەکـرد. ئـەوان دەیانویسـت دووبـارە ڕێـز بـە ڕابـوردوو ببەخشـنەوە، بـەڵام نەیانتوانـی.

## چارەنووسی بۆکسەرێکی بەدبەخت

مشـتەکانی مێمـڵ هـەر کاتێکیـش کـە بـەر ئـەو نەکـەوت، بـەر دیوارەکـەی کەوت، بەر سـاپیتەکەی، پەنجەرەکـەی. بـەم جۆرەبـوو کـە ماڵوێـران بـوو.

## ئەوانە لە ئاوێنەدا نابینرێن

پیاوێـک لەبـەر ئاوێنەکـەوە تێپـەڕی، بـەڵام وێنەکەی نەبینرا.
ژنێک هاواری کرد: شەیتان!

کەس گرنگی بە قسەکەی نەدا. ئەگەر ورد دەبووەوە هەستی بە بابەتەکە دەکرد؛ وێنەی هیچ کەسێک لە ئاوێنەکەدا نەدەبینرا، تەنانەت خۆیشی.

## خەونەکان

دووبارە خەونەکان بۆ چاوەکان دەگەڕێنەوە و هەموو شوێنێک پڕدەبێ لە پوولەکە و ئەستێرە. قەلەڕەشەکان لە گۆمەکەی ئێمەدا خۆیان دەشۆرن و دەگۆڕێن بۆ باڵندەگەلی سپی کە دەتوانن لە تاریکاییدا بفڕن...

ڕۆژنامەکان نووسیویانە: ئەمشەو تۆ بە یەکەمین شەمەندەفەر دێی!

## کانچی پیر

چاوەکانی بە تاریکایی ڕاهاتبوو. تیشکی خۆر چاوەکانی ئازار دەدا. دووبارە گەڕایەوە کانەکە، بەڵام خاوەن کانەکە دووبارە داوای لێبوردنی کرد، چونکە پیربووبوو. کاتێک بابەتەکەی وت، خاوەن کانەکە ناوونیشانی تاریکترین ژێرزەمینی شاری پیشان دا.

## سەیرکردنی باران

هەمیشە چەتر بە دەست لە پشت پەنجەرەکەوە دەوەستا و سەیری بارانی دەکرد. هاوسێکانی پێیان وابوو شێتە، بەڵام شێت نەبوو؛ پیاوێک بوو کە حەزی دەکرد بەم جۆرە سەیری باران بکات، هیچیتر!

## ڕووداوی ئۆتۆمبیل

کاتێک هاوسێکەی مرد، کابرا ترسا. کەوتە بیری ئەوەی کاری باش بکات. هەر چییەکی لە ماڵەکەی زیادە بوو بەخشییە ئەم و ئەو، تەنانەت ئۆتۆمبیلە زەرد و کۆنەکەیشی. مانگێک دواتر کاتێک لە شارێگەی کۆتایی هاتوو بە دەریا چووە ژێر تایەکانی هەمان ئۆتۆمبیلەوە، دەمی لە سەرسوڕماندا داچەقی و ئیدی دانەخرایەوە.

## بە داخەوە

ژنێک بە ناوەڕاستی پارکێکدا تێدەپەڕی، پیرەمێردێکی شێت لە کاتێکدا کە ئەوی پیشان دەدان، لێی پرسین:

ئێوە ئەم خانمە دەناسن؟

وەڵاممان دایەوە: نەخێر.

ئەو وتی: کەمێک بیربکەنەوە!

بیرمان کردەوە و وتمان: نا! بە داخەوە.

پیرەمێردی شێت پێکەنی و وتی:

داخ مەخۆن، زۆر ئاساییە، منیش ئەو ناناسم!

## دیدار

پێشتر بۆ دیتنم لە پلیکانەکان سەردەکەوتن، ئێستا بۆ دیتنم لە پلیکانەکان دێنە خوارێ.

لە دەستنووسەکانی بازرگانێکی ئیفلاس و زیندانی

## بورجی بابل

کاتێک دروستیان دەکرد، ئەندازیاران بە زمانی ئەندازیارەکان قسەیان دەکرد، کرێکارەکان بە زمانی کرێکارەکان و وەستاکان بە زمانی وەستاکان، بورجی بابل شێوەیەکی فیزیکییە لە هەموو زمانەکان.

ئوستاز بێدەنگ بوو. خوێندکارەکە پرسی:

واتە خشتەکان لە وشەن؟

ئوستاز وەڵامی دایەوە: نا، وشەکان لە خشتن، واتا هەموو شێوەیەک بە خۆوە دەگرن.

## سروودی سەربازێکی ئەسپ دیتوو

«سەرکەوتن بە تەپۆڵکە سەرسەوزەکاندا جوانە، جوانە ڕاکردن لە شنەدا. تێپەڕین لە دارستاندا...»

دوایین ڕستەی نەنووسی! بە ئەسپایی لە ژێر لێوەوە وتی: بەڵام جەخار من قاچم نییە!

## ترس

ژنەکە گڵۆپی ژوورەکەی کوژاندەوە. یەکسەر پۆشاکی تارماییەکانی لەبەر کرد و دووبارە گڵۆپەکەی داگیرساند. دەیویست کابرا بترسێنێ، بەڵام کابرا نەترسا؛ هێرشی بۆ هێنا و پێکەوە لە پەنجەرەکەوە فڕین.

لە ڕووداوەکانی پاش سەیرکردنی فیلمە ترسناکەکان

## بۆنی کۆڵۆنیا

کابرا بیری دەکردەوە ئەگەر بەرلەوەی بچێتە سەر شەقامەکە خۆی بشۆردایە، ئەمەندە دانەدەهێزرا. بیری چووبووەوە کە لە پارک دەژی. کاتێکیش ئەم بابەتەی بیرکەوتەوە، زۆر بە جددی نەیگرت. هەوڵی دا درێژە بە هەمان خەیاڵی پێشتر بدات کە کەیفی پێی دەکرد. بیری لە چەندان جۆرە کۆڵۆنیا کردەوە کە لەسەر مێزی بەر ئاوێنەی ژووری نووستنەکەی ڕیزی کردبوون.

## پەیامبەر

هەتاو دەدرەوشایەوە.
باڵندەکان سترانیان دەچڕی.
دەنگی ئاوی ڕووبارەکە لە دوورەوە دەبیسترا.
ئەوان دیسان داوایان لە پەیامبەر کرد بۆ سەلماندنی خوداوەند هۆکاری قەناعەتپێکەریان بداتێ.
پەیامبەر بە گریانەوە لە شار دوورکەوتەوە.

## مانگی سوور

مانگ لە پشت شاخەکەوە سەرکەوت
قامیشەڵانەکانی تێپەڕاند.
کە گەیشتە بان چادرەکان، ڕەنگی وەک خوێنی لێ هات.
کات وەک بۆمبێکی کۆککراو لە تەقینەوە نزیک دەبووەوە. تیرۆریستەکانی بۆگۆحەرام خۆیان بۆ هێرش ئامادە دەکرد.

## هەڵاتووە بەدبەختەکان

پێنج کەس بوون. ساڵانێک زەحمەتیان کێشا و بە هەر جۆرێک بووە تونێلێکیان بۆ هەڵاتن لێ دا، بەڵام چانس یاوەریان نەبوو؛ کاتێک لە تونێلەکە چوونە دەرێ، لە حەوشەی زیندانێکی دیکەدا بوون.

## ژیان لەسەر کەشتی

ژنەکە وتی: تاهەتایە لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە!
کابرا لە کاتێکدا هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدا، وتی: منیش هەروەسا ئازیزم!
ئەوان لەسەر کەشتی بوون و کەشتیش لەسەر ئاو. هیچ شتێک سەقامگیر نەبوو.

## ڕووخانی ستالین

سمێڵەکانی هاوشێوەی سمێڵەکانی ستالین بوو. بەم هۆیەشەوە هێشتا ئەویان بە تاقانە ڕێبەری بەهێزی جیهان دەزانی، بەڵام کاتێک بە هۆی حەواس پەرتیی ئارایشتگەرێکەوە سمێڵەکانی لە دەست دا، کتوپڕ بارودۆخەکە گۆڕا؛ دنیا گۆڕا و ستالین ڕووخا.

## دوایین ئیمێڵ

سەربازەکە دەستەکانی وەک باڵەکانی کردەوە و داخستەوە. بەم جووڵەیە، بزەی بەخشییە سیمای هاوسەرەکەی و بەرەو شەڕ بەڕێ کەوت. پاش چەند مانگێک کاتێک هاوڕێکانی دوایین ئیمێلیان نارد، ئەوجا ژنەکە زانی بۆچی ئەو لە کاتی ڕۆیشتندا وەک باڵندەکانی لێهاتبوو.

## پارچە شکاوەکانی کووپەکە

بـە شـوێن بیانوویەکـەوە بـوو نەچێتـەوە ماڵـێ. تـەواو لەگـەڵ مێردەکـەی دەمەقاڵـەی کردبـوو.

وتبووی: من لێرە دەڕۆم!

مێردەکەیشی هیچی نەوتبوو.

ترێلەیەکـی قـورس لەسـەر شـەقامەکەوە تێپـەڕی. کووپەکـە کەوتـە جووڵـە کـە لەسـەر لێواری مێزەکە بـوو. کـەوت و شـکا، بیانووەکـەی کاری خـۆی کردبـوو؛ لەسـەر عەردەکـە دانیشـت و سـەرقاڵی کۆکردنـەوەی پارچـە شـکاوەکانی کووپەکـە بـوو.

## ڕووداوێک لەو سەری ڤێلایەکی ڕابواردن

ژەنـەراڵ هۆشـی ئەسپسـواری کردبـوو. سـواری ئەسپەکەی بـوو و دەی لـێ کـرد. کـە لە دەشـتەکە تێپـەڕی، چـووە یادەوەرییەکانـەوە، بـەڵام لـە خراپـی ڕووداو، ئـەم جارە لـە شـەڕێکدا کـوژرا کـە پێشـتر گیانـی بـە سـڵامەتی لـێ قوتـار کردبـوو.

## قیژە و پێکەنین

هەمـوو قیژاندیـان، بەڵام کاتێک شـەمەندۆفێرەکە تێپـەڕی، بینییـان منداڵەکـە سـاغ و سـەلیمە؛ لەوسـەری ئاسـنەڕێکە سـەیری ئاسـمانی دەکـرد و پێدەکەنـی.

گەورەکانیـش چاویـان بڕییـە ئاسـمان، بـەڵام نەیانتوانـی وەک ئـەو فریشـتەکان ببینـن.

## پاشنیوەڕۆی ڕەش

ئاسـمان سـەرەتا سـوور، هەنگـێ ڕەش بـوو. تۆفـان هاتبـووە تارانـەوە؛ لەسـەر شـەقامەکان گاڵـەی دەکرد و بـە دەوری خۆیدا دەخولایـەوە.

پیرەمێردێک لـە باڵکۆنی ماڵەکەیـەوە فـڕی تـا ڕێگـەی دەرچـوون لـە شـار پیشـانی تۆفانەکـە بـدات.

ڕاپۆرت لە تۆفانێکی ترسناک

## لە پشت پەنجەرەکانەوە

جادەیەکـی ڕوونـاک، دڵـی شـەوی دەقڵاشـت و دەچـووە پێشـێ. ئێمـە غەمگیـن و نائومێـد لـە پشـت پەنجەرەکانـەوە وەسـتابووین و تەنیـا سـەیرمان دەکـرد.

بەهار بوو.

هـەر ساتێ ئەگـەری هەبـوو بـاران ببـارێ، بـەڵام نەدەباری.

تۆ بە ئۆتۆمبیلێکی سپی لە شەو دووردەکەوتییەوە!

## تەقە نەکەن

دەمامکدارانی چەکدار گەمارۆیان دا و بە تفەنگەکانیان سـێرەیان لـێ گرتـەوە. سـەرکۆماری هەمیشـەیی کـە پێـی وابـوو هەرگیـز ناڕووخـێ، ڕووخابـوو و ئێسـتا لـە تەنگژەیەکـی خراپـدا گیـری خواردبوو. لـە کاتێکدا لـە ترسـان دەلـەرزی، بـە پاڕانـەوەوە درێـژەی دایـە: تەقـە نەکـەن، تەقـە نەکـەن!

بـەڵام لەوێـوە کـە خـۆی هەرگیـز گوێـی لـەم ڕسـتەیە نەگرتبـوو، ئەوانیـش گوێیـان نەگـرت؛ تەقڤـق و تـەواو.

سـەرچاوەی هەمـوو تـۆڕە هەواڵییەکانـی سـاڵی ٢٠١١

## دیمەن

مریشـکێک لەگـەڵ جووجکەکانـی لـە پانتایـی شـەقامەکە تێپـەڕی. سەرچێشـتلێنەر کـە لـە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، چـواردەوری لێوەکانـی لێسـایەوە. پشـیلەکەیش لـە تەنیشـت سـەتڵی خۆڵەکـەوە ئـەم کارەی کـرد.

## شەوێکی لە بیرنەکراو

خاوەن سێرکەکە بە دەنگی بەرز وتی:

ئەمشەو سەعاتێکی پڕ جۆشوخرۆش و شادیمان بۆ ئێوە ڕێک خستووە. ئێوە هەرگیز ئەمشەو لە بیر ناکەن!

ئامادەبووان چەپڵەیان لێ دا.

پیرەشێرێک ئیدی توانایی بازدان و تێپەڕینی بە ئەڵقەی ئاگرەکەدا نەبوو، لە تاریکایی شانۆکەدا کەوتە گریان.

## فەرمان

«پاشەکشە بە ئایدز بکەن»

ئەم فەرمانە لە کۆشکی سپییەوە دەرکرابوو. پزیشکان و ڕێکخراوە تەندروستییەکان کۆبوونەوە و تا ئەفریقا پاشەکشەیان بە ئایدز کرد.

## تەنیایی

کابرای قژ زەرد کە تەقەی لە هەر کەسێک دەکرد هاواری دەکرد:

بڕۆ بۆ دۆزەخ!

دیاربوو ئەم ڕستەیەی بۆ پاساوی کارەکەی و بۆ ڕەهایی لە ئازاری ویژدان دەوت، بەڵام ڕاستییەکە شتێکی دیکە بوو. قەناعەتی بە خۆی دەکرد کە لە دۆزەخدا تەنیا نابێ. لە تەنیایی، لە دۆزەخ دەترسا.

## دیتنی ڕۆح

پیاوێک بە قژی درێژ و چاوانی سەوز لە بەرانبەرەوە دەهات. ژنەکە کاتێک ئەوی بینی ڕووەو مێردەکەی کە لە پشت فرمانەکەوە بوو و خەریک بوو ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەگرت، وتی:

سەیری بکە، چما ڕۆحە!

کابرا وتی: من هیچ نابینم، کوا؟

ژنەکە بە دەستی ئەوی پیشان دا:

لەوێیە، بەرانبەرمانە!

کابرا وتی: لەوێ کەسی لێ نییە!

ژنەکە ترسا. زمانی بەسترا. بوورایەوە. مێردەکەی کە پێی وانەبوو بابەتەکە بگاتە ئێرە، پەشیمان و غەمگین بە مشت کێشای بە ناوچەوانی خۆیدا:

گاڵتەیەکی سەیر و بێمانام کرد!

بە سپاس لە بورهانە و سجاد گۆدەرزی

## وشکەساڵی

کەروێشک، خەونی بە مەزرای گێزەرەوە دەبینی، خاوەن مەزرا، خەونی بە کەروێشکی برژاوەوە دەبینی.

بەڵام خەونی هیچ کامیان ڕاڤە نەکرا. وشکەساڵی بوو. کابرا بۆ کار چووە شار و کەروێشک سەری لە کڵاوی تەڕدەستەکەوە دەرهێنا.

## هۆشداری

«بوونەوەرانی بۆشایی ئاسمان بۆ داگیرکردنی زەوی دێن. پینتاگۆن و ئاژانسی ناسا داوایان لە خەڵک کرد ئەم هۆشدارییە بە جددی وەربگرن...»

پیرەمێردێکی چاو شین کە خاوەنی قەرەباڵغترین کۆفی شۆپی شاریش بوو، کۆنترۆڵەکەی هەڵگرت و تەلەڤزیۆنەکەی کوژاندەوە، لە کاتێکدا کە پێدەکەنی، وتی:

ئێمە زۆر دەمێکە لێرەین!

**سەرچاوە:**

**برو به جهنم! رسول یونان، چاپ نخست، ١٣٩٤، نشر مشکی، تهران.**